# رۆژ کەریم:

## من هەموو کارەکانم بۆ خۆشەویستییە، خۆشەویستی نەك تەنیا بۆ ئافرەت بەڵکو بۆ هەر شتێك بێت.

رۆژ کەریم کە خاوەنی شێواز و ریتمێکی تازەیە لە گۆرانی کوردیدا، بە فۆرمێکی نوێ و تایبەت بە خۆی گـۆرانی ئەچرێ، وەك ئاوێتەیەك لە هونەری رۆژهەڵات و رۆژئاوا، هارمۆنیەك لە جوانیەکانی مێلۆدی، ستایلێکی ناسك و چێژ بەخشی هونەرمەند رۆژ کەریم ئەوەیە ئاواز و ریتمی گۆرانیەکانی کە بە باڵای تێکستەکاندا هەڵدەکات، ئەمان باتە جیهانێکی لێو رێژ لە عاشق بوون و یاخی بوون، هەمیشە رۆژ بەمشێوەیە دەناسرێتەوە، دەنگێك پڕ لە سۆز، لێوان لێو لە داهێنان و تازەگەری...

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کوێستان (رۆژ کەریم) باس لە سەردەمی منداڵی و ژیانی هونەری دەکات.



دیمانە: فەرمان گەردی

**هونەر لای تۆ حەزە یان ئارەزو؟**

**رۆژ کەریم:** هەردووکیەتی من بۆ خۆم ژیانم هونەرە، ئارەزووشە بۆ ئەو کاتەی کە بە تەنیام.

**دەمەوێ بتگەرێنمەوە بۆ سەردەمی منداڵی و لێت بپرسم ئەو کاتە حەزت بە دەنگی کام هونەرمەندی کورد دەکرد؟**

**رۆژ کەریم:** لە کاتی منداڵیم زۆر حەزم لەدەنگی قادر دیلانو محەمەد ساڵح دیلان دەکرد، ئەو دوو کەسە زۆر کاریگەریان هەبوو لە سەرم تێکەڵیش بووم لە گەڵیانا وەکو مامم وابوون، بە تایبەتی قادر دیلان چونکە کەسێکی مۆسیقی بوو ئەو کارانەی دەیکرد زۆر جوان بوون.

**ئێستا کەسانێکی زۆر حەزیان لە دەنگ و شێوازی گۆرانی ووتنی تۆیە، تۆ تا چ ئاستێك کارەکانی خۆت بەدڵە؟**

**رۆژ کەریم:** من گۆرانیەکانم بە دڵ دەڵێم. ! هەستدەکەم ئەمەش دەگاتە گوێگرانی گۆرانیەکانمو پێیان خۆشە بڕواش ناکەم زۆر خراپ بم.

**شتێکت هەیە لە بەرهەمە هونەریەکانت بتەوێ گۆرانکاری تیا بکەیت؟**

**رۆژ کەریم:** بێگومان هەموو هونەرمەندێك دەبێ تازەگەریێت بۆ کارەکانی خۆی، منیش ئەگەر کاری ئەم جارەم وەکو جاری پێشوو بێت نابێ، هەر ئەو گۆرانەش وا ئەکات خەڵکەکە گوێت لێبگرن، ئەگەر ئەو تازەگەریە نەبوایە کاری ئێستاو کاری کۆن وەکو یەك دەبوون، هەموومان پێویستمان بە گۆرانە، بۆ نموونە من یەکێکم لەو کەسانەی دەنگی (کاك عەدنان کەریم)م

**من یەکێکم لەو کەسانەی دەنگی (کاك عەدنان کەریم)م پێخۆشە، کە بەم دواییەش سیدیەکی بە شێوەی عیرفانی بڵاوکردووە**

پێخۆشه، كه بەم دواییەش سیدیەكی بە شێوەی عیرفانی بلاوكردەوەو لەسلێمانی ئاهەنگێكی بە شێوەی كۆڕاڵ بۆ كرا كه بەڕاستی كارێكی جوان بوو.

### هونەر لە تاراوگە بۆ ڕۆژكەریم واتای چیە؟

**ڕۆژكەریم:** بە ڕاستی هەموو تەنیاییەك داهێنانێك دروست دەكات، تاراوگە بۆ حاڵەتی غەریبی‌و دوری ناخۆشە، بەلاّم بۆ هونەر زۆر باشە، بەڵێ باشیەكەشی لە بەر چاوە بۆ هەموو هونەرمەندان، ئەگەر سەیری بكەین ئەو كارانەی لە ئەوروپا دەكرێت بە شێوەیەكی گشتی كاری چاكن، بە بڕوای من تاراوگە خولقێنەری داهێنانی هونەرمەندە.

### ڕۆڵی خۆشەویستی لە ژیانتدا چۆنە؟

**ڕۆژكەریم:** من هەموو كارەكانم بۆ خۆشەویستیە، خۆشەویستی نەك تەنیا بۆ ئافرەت، بەڵكو بۆ هەر شتێك بێت گۆرانیەكانم بۆ هەموو جوانیەكانە.

### چ كاتێك تەنیایی دەبێتە هاوڕێت؟

**ڕۆژكەریم:** هەموو كات من تەنهام.! بە تەنهاش دەژیم! زۆر كەم دەچمە دەرەوە مانگی جارێك، یان دوان ئەویش بۆ ئاهەنگێك، یان بۆ ستۆدیۆ ئەگینا لە ماڵ دەرناچم.

### ئاستی زانستی گۆرانیبێژی كورد چۆن دەبینی ؟

**ڕۆژكەریم:** بۆ ئاستی زانستی گۆرانیبێژی كورد لە خۆیان بپرسە، چەند دەزانن لە خۆشم دەپرسم چەند دەزانم ئەوانەی كە بە شێوەیەكی زانستی گۆرانی دەڵێن بەداخەوەلە پەنجەكانی دەست تێپەڕ ناكات، هەركەسێك دەنگی نەرم بێت یەكسەر نازناوی هونەرمەندی دەدەنە پاڵ، بۆ نموونە من باسی ئێرانت بۆدەكەم، چونكە شارەزای كارەكانیانم، لە ئێران سەدەها داریوش‌و موعینی تیایە، بەلاّم بۆ تەنیا ئەم دووە بەناوبانگن؟! چونكە ئەمانە ئیشكەرن‌و داهێنان لە بەرهەمەكانیان هەیە، ئەگەر هونەرمەند داهێنەر نەبێت كارەكانی نەكات باشترە، دانیشێت بە دیار ئیحساسی خەڵك‌و سوود لە ئاوازی خەڵك وەربگرێت، ئەو كارەی كەدەیكەی پێویستە بۆ هونەرمەند ئیحساسی خۆی تیا نیشان بدات، نەك هی كەسێكی تر..

### كارەكانت ستایلێكی زۆر جوان‌و سەرنج ڕاكێشیان هەیە، چۆن بوو ئەم ستایلەت وەرگرت؟

**ڕۆژكەریم:** ئێمە هەموومان بە پۆپ گۆرانی دەڵێین، ئەوەی منیش دەیكەم هەر بە زانست دەكرێ شتەكانم زیاتر بە كۆردات دەكرێ، هەرشتێكیش بە كۆردات كرا بناغەیەكی چاكی دەبێت‌و كارەكە جوان دەردەچێت، ئەو قاڵبە وادەكات پێی بڵێن (ستایل) ئەو ستیالەی منیش ئەیڵێم پێی ئەڵێن (laten song ) یان گۆرانی لاتینی.

### تا چەند بیری سلێمانی دەكەیت؟

**ڕۆژكەریم:** بە قەد هەولێر بیری دەكەم، بەلاّم هەولێر زیاتر.

### دوا وتەت؟

**ڕۆژكەریم:** هیوادارم ئەوەندەی خەڵك ئێمەی خۆش دەوێ، ئێمەش بە قەدەر سیقەی ئەوان بین، هەموو كات هەوڵبدەین هونەرێكی داهێنەر بكەین، بیر لە ناوبانگ نەكەینەوە، بیر لەوە بكەینەوە كە كوردین‌و كاری وا بكەین، كە كارەكانمان بگاتە ئاستی وولاّتانی تر.

